# فیلمی (گێژاو)ی کوردسات و خاك!

# یان کارەساتە سامناکەکە؟

لەم شەوانەدا (کوردسات) فیلمی (گێژاو)ی پێشاندا کە لە بەرهەمی دەزگای (خاك)ـە.

مایەی دڵخۆشییە کە ئەو کارەساتە کراوە بە فیلم و ژمارەیەکی زۆری هاونیشتمانییان ئەو واقیعە تاڵ و دۆزەخەیان بینی و ئاورێکیان لە قوربانیانی ئەو کارەساتە و سەدان کارەساتی تری رێی هاتونەهات دایەوە.

ئەگەرچی برینی هەزاران کەسی کولانەوە ، بەڵام واقیعێکە و بەسەر رۆڵەکانی گەلەکەماندا هاتووە و نابێت لەبیربکرێت.

ئەوەی کە جێی سەرنج بوو ، نەمانزانی لە چ سەرچاوەیەکەوە ئەو سیناریۆیەیان وەرگرتووە ، بەڵام ئەوەمان ئەزانی کە چیرۆکێکی واقیعییە و لە ساڵی 1997 دا ڕوویداوە و لە ژمارەی 106-107 ی ساڵی 1998ی گۆڤاری **(بەربانگ)** دا بە ناوی (کارەساتە سامناکەکەی شەوی 16-2-1997) ، بڵاوکراوەتەوە.

سودوەرگرتن لەو باسەی کە لە **(بەربانگ)** دا بڵاوکراوەتەوە و کردنی بە فیلم ، هەر لەو رۆژەی بیستنی کارەساتەکەوە ، ئاوات و خۆزگەی ئێمە بووە ، بەڵام کەی ئێمەی کورد فێرئەبین کە بە ئەمانەت و ڕاستگۆییەوە سود لە بەرهەم و ڕەنجی یەکتر وەربگرین و ئاماژە بۆ سەرچاوەکان و خاوەنەکانیان بکەین؟

هیواداریین کە هونەرمەندان و کەسانی بەتوانا هەر لە هەوڵ و خەباتدابن بۆ زیادتر ناساندنی کێشەکانی گەلەکەمان و پێشاندانی ئەو مەرگەساتانەی کە رۆژانە بەسەر رۆڵەکانی گەلەکەماندا دێت ، بەڵام ڕوویەکی زیادتر شارستانییانە ئەبێت ئەگەر ئاماژە بۆ سەرچاوەی باسەکان بکرێن.

**نەوزاد وەلی**

**بە ناوی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری (بەربانگ)ـەوە**

**ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید**

## ئەمەش دەقی باسەکەیە:

# کارەساتە سامناکەکەی شەوی ١٩٩٧/٢/١٦

**خوێنەری بەڕێز:**

ئەم بابەتەی خوارەوە چیرۆک و داستانێکی ئەدەبی نیە و بە زمانێکی هونەری دانەڕێژراوە و زادەی خەیاڵ و سیناریۆی فلیمێکی هۆلیوود نیە، داستانی کارەساتێکی راستەقینەیە و پاڵەوانەکانی رۆڵەی خێرنەدیوی کوردستانن و بە زۆر لە خاکی نیشتمانی خۆیان هەڵتەکەنرێن و بێ بەزەییانە ئەدرێنە دەست «بەخت» و چارەنووسی نادیار و رێی هاتونەهات. لەبەر ئەوە نامەکەی بەڕێز کاک شیروان وەکو خۆی بڵاو ئەکەینەوە بە دەستکاریکردنێکی سوک لە رووی رێزمان و زمانەوانییەوە.

**بەربانگ**

لە بەرەبەیانی ١٩٩٧/٢/١٥ لە باڵەخانەیەک لە «لالەلی» ئەستەمبووڵ بە پیکابێکی چادری داخراو بیست و شەش کەس کەوتینە رێگا بەرە و ئەزمیر ، سیانمان قاچاخچی بوون . دانیشتنمان لەناو پیکابەکە زۆر سەغڵەت بوو بە تایبەتی من کە بە پێوە راوەستابووم ، جارجار کەردونی مەلا عومەر کە خەڵکی سلێمانی بوو جێگاکەی خۆی ئەدا بەمن و خۆی بەپێوە رائەوەستا. ئەوانی تریش لەمبەر و ئەوبەر بەسەریەکا کەوتبوون ، هەرزەکارەکان لە رێگا زۆر جگەرەیان ئەکێشا ، ژن و منداڵەکان تەنگەنەفەس ببوون ، یەکێک لە هەرزەکارەکان وەک پشیلە ئەی میاواند و ئەوانی تریش قاقا پێئەکەنین .

نیوەڕۆ لە دۆڵێکدا راوەستاین و لەبن دارەکان نانمان خوارد. پیکابەکە لە رێگا زوو زوو رائەوەستا و قاچاخچییەکان لەنێوان خۆیاندا قسەیان ئەکرد ، وا دیار بوو هێشتا بەلەمەکەیان ئامادە نەکردبوو ، بۆیە دوایان ئەخستین . کاتژمێری یەک و نیوی شەو گەیشتینە جێگایەک پێیان ئەووت «کاش» .

لە جێگایەکی بەرزەوە بە تووڵە رێگایەکی تاشە بەردینەوە بەپێ ئیمەیان داکردە سەر دەریا ، بەلای کەمەوە هەر یەکەمان دوو سێ جار کلاوین .

کە هاتینە سەر دەریاکە بەلەمێکی زۆر کۆنی ماسی گرتنمان دی ، کوڵەکەیەکی بەرزی بەپێشەوە بوو ، ژوورێکی بچوکی لە دواوە هەبوو بە پێلکانە ئەچووە خوارێ . ماتۆری بەلەمەکە ئیشی ئەکرد و هەروەکو ئەسپ ئەم دیو و ئەو دیوی ئەکرد زۆر بە سەغڵەتیی بازمان دایە سەری . قوربانی یەکانی ئەم کەشتە لەم ناوانەی خوارەوە پێکهاتبوون.

١- سەرکەش ئەحمد ئیسماعیل
٢- جاسم محەمەد بابەخان
٣- فائقە تۆفیق مستەفا
٤- شیروان عەلی – محامی
٥- تەغرید خێزانی شیروان عەلی
٦- ئەحمەد شیروان عەلی «منداڵ»
٧- ئاواز شیروان عەلی «منداڵ»
٨- محەمەد هاوڕێی شیروان عەلی خەڵکی سلێمانی
٩- ئەرسەلان خانەقینی
١٠- ئازاد سلێمانی
١١- خورەم ماجد بەگ
١٢- یوسف محەمەد چەمچەماڵی
١٣- کەردوون مەلا عومەر سلێمانی
١٤- کەلاوێژ فەرەج
١٥- هەستی خالید کچی کەلاوێژ فەرەج «منداڵ»
١٦- نەجم عەبدوڵلا عەزیز
١٧- لالە عەبدولوەهاب خێزانی شاهۆ حوسێن
١٨- فەتاح کەرکووکی
١٩- کوڕێکی باڵا ناوەندی لە تەمەنی ٢٠-٢٥ ساڵیدابوو ناوی نەزانراوە
٢٠- بەلەمەوانەکە «تورک»
٢١- شاهۆ حوسێن عەبدوڵلا
٢٢- مهردادی مرادی «ئێرانی»
٢٣- شیروان نامیق

هەر کە سواری بەلەمەکە بووین کوڕە لاوەکان خێرا چوونە ژوورەکەوە و خێزان و منداڵەکانیش لە پێشەوە لای کوڵەکە بەرزەکەوە دانیشتن . منیش بەرەو ژوورەکە رۆیشتم بەڵام جێگام نەمابوو ، لە قەراغی بەلەمەکە دانیشتم و هەردوو قاچم شۆڕکردەوە بۆ سەر پێلکانەکانی ژوورەکە ، لەبەر دەم ژوورەکە شاهۆ حوسێن و لانەی خێزانی راوەستابوون لە لای راستم یوسف چەمچەماڵی دانیشتبوو لە لای چەپم ئەرسەلان خانەقینی و بەلەمەوانەکە دانیشتبوون.

بەلەمەکە بە کەناری دەریاکەدا کەوتە جوڵە. دیاربوو قاچاخچی یەکانیش بە پیکابەکە لەگەڵ ئیمە بە شەقامی کەنار دەریاکەدا ئەڕۆیشتن . پاش چەند دەقیقەیەک ژوورێکی بچووکم دی لەسەر کەناری دەریاکە کابرایەک بە چرای دەستیی ئیشارەتی کرد بۆ بەلەموانەکە کە دەریا چۆڵە و پۆلیسی لێ نیە ، لەپڕ بەلەمەوانەکە رووی بەلەمەکەی وەرگێڕا و روویکردە ناوەڕاستی دەریاکە. سەیری دواوەم کرد دیم پیکابەکە راوەستاوە و لە دووردەوە کڵۆپەکانی ئەبینرا و چاوەڕوانی ئەوەیان ئەکرد کە ئیمە بگەین و ئاگریان بۆ بکەینەوە و بە گەیشتنمان ئاگاداریان بکەینەوە .

بە قسەی قاچاخچیەکان ماوەی نێوان کاش و یەکێک لە

دوورکەکانی یۆنان سی «٢٠» کیلۆمەترە. دەریا زۆر سارد بوو شەو زۆر تاریک بوو شەپۆلی ئاوەکە زۆر سامناک بوو . شاهۆ و خێزانەکەی لەبەر دەم ژوورەکەدا راوەستابوون و سەیری دەریایان دەکرد. شاهۆ بە خێزانەکەی ووت سەیری کلۆپەکانی تورکیا بکە لە دوورەوە دیارن و ئەویش سەری هەڵکێشاو سەیرێکی دواوەی کرد و ووتی دیمەنێکی زۆر جوانی هەیە ، منیش تەماشام کرد بەڵام لەبەر رەش پۆشی و سامناکی دەریاکە لام دڵگیر نەبوو .

ماوەی دوانزە کیلۆمەترمان بڕی لەپڕ لاوەکانی ژوورەکە هاتنە دەرەوە و لە ناوەڕاستی بەلەمەکە دانیشتن بەبێ دەنگی ، بە داخەوە ئەوەندەی پێنەچوو ئاو چووە پێلاوەکانمەوە و هاوارم کرد لە بەلەمەوانەکە و بە تورکی وتم ئاو هاتە ژوورەوە چیت پێیە ئاوەکەی پێ دەرکەین ووتی هیچم پێ نیە. من و شاهۆ و خێزانەکەی لە پێشەوە لای ماتۆڕەکە دانیشتین نزیک بەلەمەوانەکە ئەوەندەی پێنەچوو ئاو هاتە سەر بەلەمەکە. یوسف چەمچەماڵی کەوتە ناو دەریاکەوە لە جێگای خۆی نوقم بوو. تەغرید و شیروان عەلی و ئەحمەدی کوڕی و کەلاوێژ و هەستی کچی و کەردوونی مەلا عومەر نووقم بوون بە یەکجاری ، بەڵام ئاواز کوڕە بچووکەکەی شیروان عەلی کەوتە باوەشی مهداد ئێرانی و بە باوەشییەوە ئەکریا. مهداد مرادی ئێرانی خەڵکی تاران بوو پاڵەوانی وڵاتانی رۆژهەڵات بوو لە سواری ماتۆڕ ، بەسەر بیست و پێنج سەیارەدا بازی داوە . هەروەها فێرکەری مەلەوانی بوو لە تاران.

لەوکاتەدا بەلەمەکە کەوتە سەرئاوەکە مهداد مرادی منداڵەکەی خستە سەر بەلەمەکە ، بەڵام بە داخەوە لە چاو نوقاندنێکدا نوقم بووەوە ، دیم منداڵەکە کلا و کەوتە ژوورەکەوە ، وا دیار بوو فریشتەی رۆحکێشان ئەو شەوە باڵی بەسەر دەریاکەدا کێشابوو ، یەک لە دوای یەک رۆحی ئەکێشاین ، وابزانم ئەو شەوە لە هیچ کولوجێکی دنیا رۆحی کەس ئەکێشراوە چونکە تاکو بەیانی میوانی ئێمە بوو.

لە راستیدا ناتوانم بە نووسین هەست و هاواری ئەو خەڵکە بخەمە بەر چاوتان ، بەڵام ئەگەر راستی رووداوەکە بە فیلم بکیرایە هیچ مرۆڤێک توانای سەیر کردنی نە ئەبوو.

ئەوەی مابوو پەلاماری یەکتری ئەدا وەک مێکەلە مەڕ چاوی بە کورک کەوتبێ بەیەکدا چووبووین ، ئەمانەی من باسی ئەکەم لەچەند چرکەیەکدا رووی دا. من نزیک مهداد ئێرانی مەلەم ئەکرد ، هەر ئەوەندەم زانی نوقم بووم و یەکێک بە هەر دوو دەستی پانتۆڵەکەمی گرتبوو بەرەو ژێر دەریا شۆڕ ئەبووینەوە ، لە ناو ئاوەکەدا چاوم کردەوە دیم لانەی خێزانی شاهۆیە. سەیر لێرەدا ئەوەیە چۆن بەو شەوە تاریکە ئەو ئافرەتەم ئەدی و ناسیمەوە . ماوەیەک چووینە ژێر ئاوەکە ، پانتۆڵەکەم لە کەمەر راماڵرا ، زۆر بە خێرایی پێلاو و پانتۆڵەکەم فڕێ دا. هەر دوو دەستی ئافرەتەکەم گرت ، دیم دەمی زۆر بە باشی نوقاندبوو ، لەوە ئەچوو هەندێک مەلە بزانێ . بە پێ مەلە سەر ئاو کەوتمەوە . سەیری دەورو بەری خۆم کرد نووکی بەلەمە نوقومبووەکە دیار بوو ، نووکی بەلەمەکە کون کرابوو و ئەڵقەیەکی کوریسی تێهەڵکێشرابوو ، ئەڵقەکەم دایە دەستی ئافرەتەکە و خۆم دەستم بە نووکی بەلەمەکەوە گرت ، بەڵام زۆر بە داخەوە کوڕە لاوەکان چاویان بە نووکی بەلەمەکە کەوت و هاتن و خۆیان دا بەسەر نووکی بەلەمەکەدا و لەبەر قورسی یەکسەر نوقم بووەوە.

ئافرەتەکە یەکجارەکی نوقم بوو و سەر ئاو نەکەوتەوە. هێشتا نزیکەی دە کەس مابووین هەر یەکە پەلی ئەکێشا بەوی ترەوە خۆی بگرێ منیش زۆر لێ یان نزیک بووم مەعنەویاتی منیش لە هی ئەوان باشتر نەبوو ، ئەوەندەم زانی دووبارە نوقم بوومەوە ، ئەمجارە سێ کەس دەستم و ملیان گرتبووم ، زۆر بە تیژیی بۆ ژێر ئاو ئەڕۆیشتین لەبەر ئەوەی قورس بووین . دووبارە لەژێر ئاوەکە چاوم کردەوە ، زۆر بەچاکی هەر سێکیانم ئەدی ئەتوانم بڵێم نزیکەی بیست مەتر زیاتر نوقم بووین ، هەستم کرد ئەوەی لە پێشەوە منی گرتبوو هەناسەی تەنگ بوو بوو لەپڕ دەمی کرایەوە و بڵقە بڵق ئاو چووە قورگیەوە و دەستی لێم بەرەڵا بوو و لابەلا بەرەو بنی دەریاکە رۆیشت ، پاش ماوەیەکی تر ئەوەی لای راستم دەستی بەر بوو ، ئینجا ئەوەی دەستی چەپم بەردەست خواحافیزی لێ ئەکردم. کرنگ لێرەدا ئەوەیە کە باسی بکەم ، من تەمەنم پەنجا و حەوت ساڵە نزیکەی چل ساڵە جگەرەکێشم هەستم بەوە ئەکرد کە تەنگەنەفەس بووم یاخود پێویستم بە هەوایە. ئەوەش ئەوە ئەگەیەنێ کە رۆژم تەواو نەبووە و خوا بۆ گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە منی هێشتەوە ، بۆ ئەوەی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە وون نەبێت و بەڵکو پارتە سیاسییەکانی کوردستانیش بەخۆیاندا بچنەوە و بەس بێت خەڵکی بەکوشت نەدەن و دڵسۆزانی کورد ئاوارە نەکەن چونکە مردنی ئەمانە لە ئەستۆی ئەوانە.

دووبارە بەپێ مەلە ئەو ماوە دوور و درێژەم بڕی و هاتمەوە سەر ئاو ، بیرم لەوە کردەوە کە تۆزێک خۆم دوور بخەمەوە ، نزیکەی ١٠ ١٥ مەتر خۆم دوور خستەوە و خۆم خستە سەر پشت و لە جێگەی خۆم دەستم کرد بە مەلە. سەیرێکی دەوروبەری خۆم کرد و دیم تەنها پێنج لاو خۆیان رووت کردبۆوە و لە ماوەی دەمەترێکدا بە هاتووچۆ کردن مەلەیان ئەکرد. لەگەڵ بەلەمەوانەکەدا لە دوورەوە دەنگی شاهۆ حوستین دەهات. هەر کەس بۆ خۆی هاواری ئەکرد بە کوردی ، ئینگلیزی و تورکی .. بمان گەنێ . بەڵام کەس گوێی لە دەنگمان نیە تەنها فریشتەی رۆحکێشان و دەریا لووشەکە نەبێت . کات نزیکەی دوو سەعات بەسەر کارەساتەکەدا تێ پەڕیبوو . لەپڕ بەلەمەوانەکە کە هەرزەکار بوو لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بوو هاواری کرد بە تورکی خنکام بمگەنێ . بەڵام کەس نیە بە هاوارییەوە بکات زۆر بە چاکی ئەمدی پەکی کەوتووە و هێزی نەماوە و سەرناو ئەکەوێ و نوقم ئەبێ تا دەنگی لێبڕا و دەریاکە هەڵی لووشی.

ئای لەو کارەساتە سامناکە دڵتەزێنە چاوەڕێی هەمووان ئەکات . لاوە ئێرانییەکە دیار نەبوو ، دەنگی نەدەهات . هەستم کرد ئەویش خنکاوە. نزیکەی سێ کاژێر بەسەر کارەساتەکەدا تێپەڕیبوو کوڕە لاوەکان کە مەلەیان ئەکرد

زۆر ماندوو بووبوون چونکە شەپۆلی دەریاکە بەردەوام هەڵی ئەکرتین و نزیکەی دوو مەتر ئەو هەموو ئاوەی ئەدا بە سەرماندا و ئەوەندەش نوقمی ئەکردین کە دەممان پڕ ئەبوو لە ئاوی تاڵی دەریا ، کە سەر ئەکەوتینەوە بڵقە بڵق ئەرشاینەوە .

یەک لە دوای یەک سەیری ئەو لاوانەم ئەکرد کە ئەخنکان و تا دوا پەنجەیان نوقم ئەبوو ، ئای لەو قاچاخچیە خوێن مژانە ، بۆ پارە بەلەمێکی داڕزاویان بۆ دەست نیشان کردبووین بۆ ئەوەی مەرگی خۆمانی تێدا ببینین . ئەگەر تۆزێک غیرەتیان هەبوایە ئەیانتوانی کە بەلەمەکە لە ماوەی دیاریکراودا نەگەڕایەوە ، بە تەلەفۆنە دەستییەکانیان پۆلیسیان ئاگادار بکردایەتەوە بەبێ ئەوەی ناوی خۆشیان بدایە ،لەوانەبوو زۆرمان رزگاری ببوایە.

ماینەوە دوو کەس ، من و شاهۆ ، زۆر لەیەکتر دوور بووین تەنها گوێمان لە دەنگی یەکتری بوو ، هێشتا دنیا تاریک بوو لە نزیک منەوە بڵقەیەک هات ، ئاوڕم دایەوە تەرمی شەهید سەرکەش ئەحمد ئیسماعیل بوو ، لاوێکی جوانکیلە ، قەمسەڵەیەکی شینی لەبەردا بوو ، بە دەما سەر ئاو کەوتبوو . یەک لە دوای یەک تەرمەکان سەرئاو کەوتن .

ئازارم زۆر بوو هێزی دەست و قاچم و پشتم نەمابوو بۆیە زیاتر بایەخم بە پشتە مەلە ئەدا . هەموو جل و بەرگیشم لەبەردا بوو تەنها پێڵاو و پانتۆڵەکەم نەبێ. من لە کاتی لاویمدا مەلەم کردووە لە حەوز و گۆم و رووباری بچووک و جارێکیش لە زێی موسڵ پەڕیمەوە بەڵام نەمتوانی بگەڕێمەوە ، واتە مەلەوانێکی باش نەبووم هەموو لاوەکانی کارەساتەکە لەمن مەلەوانتر بوون . خوایە چۆن تووشی ئەم دەریا رەشە هەژدیهایە بووم . ئیرادەی خوایی وای لێکردم ببم بە یەک مەلەوان بتوانم دە سەعات و نیو لە ناوەڕاستی دەریای ناوەڕاستدا مەلە بکەم . جار بەجار دڵی خۆمم ئەدایەوە و ئەموت دنیا رۆشن ببێتەوە ئەم ئاوە پڕ ئەبێت لە بەلەم و کەشتی ، بەڵام ئەم ئەزانی لە ناوەڕاستی دەریایەکدام کە قەدەغەیە بۆ بەلەم و کەشتی هەردوو وڵاتی تورکیا و یۆنان.

بێدەنگی خستمیە ئەندێشەی خەیاڵەوە چونکە لەبەر شەپۆلی ئاوەکە سەرم ئەسوڕا و لە دەوری خۆم ئەخولامەوە . بیرم چوو بۆ لای منداڵەکانم چۆن بێ باوک ئەبن تاقە ئومێدیان ئەسڕێتەوە . بیرم لە دایک و خوشک و براکانم ئەکردەوە کە چاوەڕێی مڵن تەلەفۆنیان بۆ بکەم کە ئەگەمە جێگایەک ، بیرم لەوە ئەکردەوە کە کەسمان لەم ئاوە رزگاری نابێت تاکو ئەم بەسەرهاتە بگێڕێتەوە . هەتا مردن کەس و کارم هەر بەتەما ئەبن نازانن کوژراوم یان ماوم . چاوم بەهەر تەرمێک ئەکەوت بیرم بۆ دایک و باوک و خوشک و برا کڵۆڵەکانی ئەچوو کە ئێستا ببینن لە چ حاڵەتێکدایە ، ئاسمانیش بەزەیی پێدا دێتەوە ، ئاخ بۆ ئەو هەرزەکارانە کە هاواریان ئەکرد خنکام .. خنکام ، ناڵە و هاواری ئەوان هەموو شتێکی لەبیر ئەبردمەوە ، گریانی ئاواز منداڵێکی بێ تاوان و بێ دەرەتان ، لە باوەشی مهردادی مورادیدا ، ماسییەکانی دەریا بەزەییان پێدا ئەهاتەوە ، خەیاڵم ئەچوو بۆ ئەو پیاوە مەلولە ، گەردوونی مەلا عومەر ، کە لە تورکیا لێمپرسی بۆ ناگەڕێیتەوە ؟ وتی منداڵەکانم بەزۆر ناردوویانم و پێیان وتووم نەگەڕێیتەوە ، ئای لەو کارەساتەی بەسەر کورددا هاتووە.

سەیرێکی دەریام کرد رەشییەکەی پیاوی ئەتۆقاند و سڵم ئەکردەوە. لەپڕ بیرم بۆ خالیدی باوکی هەستی چوو ، ئێستا لە ئۆردوگای یۆنان چاوەڕێیە بەیانی بەخێزان و کچەکەی شاد بێتەوە ، نازانێ ئێستا کچە ژیر و جوانکیلەکەی وەک بووکە شووشە بەسەر ئاوەکەوە ئەلەرێتەوە ، لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی شاهۆ بوو ، سەیرێکی نزیک خۆمم کرد دیم خێزانە چەند مانگ بووکەکەی لەسەر ئاوەکەیە ، ئەبێ ئێستا شاهۆ بیر لەچی بکاتەوە ؟

دنیا رۆشن بوودوە ، سەیرێکی دەروبەری خۆمم کرد لە دەریا و باریکە شەپۆل زیاتر هیچی تر نەدەبیندرا، مردنی یەکجارەکیم بۆ خۆم دانا . زۆر هیلاک بووم لە سەرما هەموو گیانم ئەلەرزی بەڵام لە راستیدا ترسی مردنم نەبوو ، جارجاریش بە گوێی خۆمدا ئەدا کە خۆم بخنکێنم ، هەر خۆم بەخۆمم ئەوت هەر ئەمریت پەلەت لە چییە ؟ هەتاو دەرکەوت دەم و چاوم تۆزێک گەرم بوو ئینجا خەوم ئەهات . جارجار کەروێشکە خەویشم بۆ ئەکرد ، زۆری پێنەچوو رۆژ هاتە سەر سەرم بەڵام دەریا چۆڵ و هۆڵ بوو لەبەر تەم زۆر دوورم نەئەبینی .

کات گەیشتە دوانزدە و نیوی پاش نیوەڕۆ ، لە کەروێشکە خەوێکدا بووم چاوم کردەوە لەناو تەمەکەدا نزیک من بەلەمێک دیار بوو ، نەمزانی راستە یا خەیاڵە ، خۆم بۆ قیت کردەوە پڕ بە دەم هاوارم کرد ، دیار بوو گوێیان لە دەنگم بوو ، دەستیان بۆ بەرز کردمەوە ، لە دڵی خۆمدا ئەموت خوایە تۆ بڵێی ئەمە راست بێ ، لە خۆشیا هەموو شتێکم لەبیر چووەوە ، لە هاوار ئەکەوتم و ئەترسام بەجێم بهێڵن ، بەڵام بوو بە راست حەبلێک ئەڵقەیەکی نایلۆنی پێوە بوو ، بۆیان هاویشتم و دوور لە منەوە کەوت ، ئەی خوایە بەم هیلاکییە چۆن بیگەمێ ، ئەزوویەک بە لەشمدا هات ، ئەترسام لەو بەینەدا بخنکێم . نازانم ئەو هێزەم لە کوێوە بۆ هات ، هەر وەکو تیمساح بەچوار باسکە مەلە گەیشتمە ئەڵقەکە و گرتم و رایان کێشام و گەیشتمە بەلەمەکە و خۆم پیادا هەڵواسی و سەرکەوتم .

بەلەمەکە هی پۆلیسی یۆنان بوو ، بەلەمێکی گەورە و بێ مەترسی بوو ، چەند پۆلیسێکی تێدا بوو . سەیرم کرد لاوە ئێرانییەکە لەناو بەلەمەکە دایە لەگەڵ شاهۆ کە لە پێش مندا هەڵیان گرتبوو ، بەلەمێکی تورکییش بەرامبەر ئێمە تەرمەکانی هەڵ ئەگرت ، تەنها هەشت تەرم بەسەر ئاوەکەوە مابوو ئەوانی تر نوقم بووبوونەوە . زۆر سەرمام بوو ،چۆڕە چۆڕە ئاو بە جلەکانمدا ئەهاتە خوارێ ، خۆم بۆ رانەگیرا و لەسەر دەم درێژ بووم .

ئێمەیان برد بۆ دوڕگەیەک ناوی «مۆگۆس» بوو لە ئەخۆشخانە جل و بەرگمانیان گۆڕی ، شیر و قاوەی گەرمیان ئەدامێ . من تا دوو کاژێریش دەست و قاچ و

سەرم بۆ نەنەگیرا و لەسەرما نەلەرزیم.

پاش چەند سەعاتێک هاتمەوە سەرخۆم ، مهرداد مورادی باسی خۆی بۆ کردم کە چۆن بە هەشت سەعات سیانزە کیلۆمەتری بڕیوە و خۆی گەیاندووەتە وشکایی ، چۆن چەند جارێک خەریک بووە بخنکێ ، هەروەها شاهۆش باسی بۆ کردم چۆن لە کاتی نوقم بوونی بەلەمەکەدا تەختەی سەر ماتۆڕەکە کەوتۆتە بەر دەمی و خۆی پێوە گرتووە و وەکو خۆی باسی ئەکرد جارجاریش لەسەری دانیشتووە ، بەڵام ناحەقی ناکرم کە دەنگی نەکردووە کە تەختەی پێبووە و قسەی نەکردووە ، چونکە ئەیانخنکاند و تەختەکەیان لێ ئەسەند ، بەڵام بەداخەوە خێزانەکەی شەهید بوو. خەڵکی دوورگەی مۆکۆس زۆر باش بوون ، خێرخواز بوون و خزمەتی ئێمەیان زۆر کرد ، خوا چاکەیان بداتەوە. پۆلیسێکی یۆنانی وتی خەڵکی ئەم دوورگەیە ئێوە بە موبارەک ئەزانن چونکە ئێوە بە موعجیزەی مەسیح دائەنێن . هەر چۆنێک بێت رزگار بوونی ئێمە موعجیزەیەکی خوایی بوو. خوا پاداشتی مهرداد ئێرانی بداتەوە کە ئێمەی لە مردن رزگار کرد. سەرەخۆشی بۆ کەس و کاری هەموو شەهیدانی رووداوەکە و خوا سەبووری کەسوکاریان بداتەوە.

**شیروان نامق**